*Journal of Language Studies.* Vol.7, No.2, 2023, Pages (77-95)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.2.4

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Prison experience in Faqe Qadir Hamawandi's poem

Diar Mardan Mhamad*
College of Education, Universitym of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region
diar.mardan@charmouniversity.org

&
Avin Abdulqadir Khalifa
College of Education, Universitym of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region
avin.abdulqadir@charmouniversity.org

&
Najmaldin Rostam Yuns
Universitym of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region
najmadin.rostam@charmouniversity.org

**Received:** 8 / 7 /023 , **Accepted:** 27 / 8 /2023, **Online Published: 31 / 10 / 2023**

©This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

In This research focuses on prison poetry, which has an ancient history in Kurdish literature, and many famous Kurdish poets have been imprisoned in different eras because

* **Corresponding Author**: Diar Mardan**, Email:** diar.mardan@charmouniversity.org
**Affiliation**: Charmo University - Iraq

of their political attitudes and different opinions, and the famous Kurdish poet researcher Faqe Qadiri ham He has chosen Awandi to talk about one of the poets who recorded the most poems in prison. Prison poems are the result of the situation and reflection of the lives of the days in which the poet lived. Faqe Qadir's works describe a day when The situation in the region has caused many problems and complications because of the collapse of the Baban Emirate and the invasion of Southern Kurdistan by the Ottomans, the imprisonment of Faqe Qadir because of some of his poetic products to confront the invaders of Kurdistan and to express his sense of nationality, pride, nature, religion, suffering and suffering in prison... dedicate… In this research, based on the psychological method of some of Faqe Qadir's poems in prison, they have been put under the light of investigation

**Key Word:** Faqe Qadir, Poetry, prison, challenge, mischief, pride

# تجربة السجون في شعر (فقي قادر الهموند)ي

**ا.م. ديار مردان محمد**

**جامعة جرمو – عيراق – جمجمال– كلية التربيية – قسم اللغة الكرديية**

**و**

**ا.م. أفين عبدالقادر خليفة**

**جامعة جرمو – عيراق– جمجمال– كلية التربيية – قسم اللغة الكرديية**

**و**

**ا.م. نجم ألدين روستم يونس**

**جامعة جرمو – عيراق – جمجمال– مركز البحوث والتدريب والاستشارات – مركز دراسات كردستان**

## المستخلص

يركز هذا البحث على شعر السجون، الذي له تاريخ قديم في الأدب الكردي، والعديد من الشعراء الأكراد المشهورين تم سجنهم في عصور مختلفة بسبب مواقفهم السياسية وآرائهم المختلفة، والشاعر الكردي الشهير الباحث فقي قادري هموندى وقد اختار عواندي، للحديث عن أحد الشعراء الذين سجلوا أكثر القصائد في السجن، قصائد السجن هي نتيجة للوضع وانعكاس لحياة الأيام التي عاش فيها الشاعر، تصف أعمال فقي قادر يوما تسبب فيه الوضع في المنطقة في العديد من المشاكل والتعقيدات بسبب انهيار إمارة بابان وغزو العثمانيين لجنوب كردستان، وسجن فقي قادر بسبب بعض منتجاته الشعرية لمواجهتها، غزاة كردستان التعبير عن الشعور بالقومية والفخر والطبيعة

والدين والألم وقوة السجن... في هذا البحث، بناء على المنهج النفسي لبعض قصائد فقي قادر في السجن، تم تسليط الضوء عليه في السجن.، تحت ضوء التحقيق.

**<u>الكلمات الدالة:</u>** فقي قادر، شعر، سجن، تحدي، ألم، كبرياء.

# ئەزموونی زیندان لە شیعری فەقێ قادری هەمەوەندیدا

م.ی. دیار مەردان محەمەد

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**و**

م.ی. ئەڤین عەبدولقادر خەلیفە

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**و**

م.ی. نەجم الدین ڕۆستەم یونس

**سەنتەری توێژینەوەو ڕاهێنان و ڕاوێژکاری/ سەنتەری کوردستانناسی/ زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا تیشکی خراوەتە سەر شیعری زیندان کە، خاوەن مێژوویەکی دێرینە لە ئەدەبی کوردیدا، چەندین شاعیری ناوداری کورد لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەهۆی هەڵوێستی ڕامیاری و بیروڕای جیاوازەوە زیندانی کراون، توێژەر شاعیری ناوداری کورد، فەقێ قادری هەمەوەندی بۆ باسەکەی هەڵبژاردووە کە، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆرترین بەرهەمی شیعری لە زینداندا تۆمارکردووە، شیعرەکانی زیندان دەرئەنجامی بارودۆخ و ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو ڕۆژگارانەن کە شاعیری تێدا ژیاوە، بەرهەمەکانی فەقێ قادر گوزارشت لە ڕۆژگارێک دەکەن کە بارودۆخی ناوچەکە کێشەو ئاڵۆزی زۆری تێدا بەرپابووە بەهۆی ڕوخانی میرنشینی بابان و داگیرکردنی باشوری کوردستانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، زیندانی کردنی فەقێ قادر بووە بەهۆی ئەوەی بەشێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی بۆ بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و شانازی و سروشت و ئاین و ئازارو مەینەتی زیندان... تەرخان بکات، لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە ڕێبازی دەروونشیکاری هەندێک لە شیعرەکانی فەقێ قادر لە زینداندا خراونەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

**کلیلەوشەکان:** فەقێ قادر، زیندان، شیعر، بەرەنگاری، ناخۆشی، شانازی.

**پێشەکی:**

شیعری زیندان بەشێکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی کوردییە، کە زۆرێک لە نەتەوەکان خاوەنی ئەم جۆرە بەرهەمەن، گەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە دەبینین چەندین شاعیرێکی

کورد لە کۆن و نوێدا بە هۆکاری جیاواز زیندانی کراون و خاوەنی بەرهەمی شیعری زیندانن، ئەم بەرهەمە شیعرییانە گرنگ و پڕبایەخن لە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک و نەتەوەی کورد بە تایبەتی چونکە، لە ڕێگای ئەو بەرهەمە شیعریانەوە دەکرێت زۆرێک لە ئازارو مەینەتی کوشتن و ڕاوەدونانی نەتەوەکەمان بە دنیای دەرەوە بگەیەنین و پیشانی بدەین، مێژووی ئەدەبی کوردی پێویستی بەم جۆرە بەرهەمەی زیندانە چونکە، بە نەبوونی هەر بابەتێکی ئەدەبی کەلێنێکی گەورە لە نێو ئەدەبیات و مێژووی ئەدەبی کوردی دروست ئەبێت، توێژینەوەی زیاتر لەم بەرهەمانەی زیندان پێویست و گرنگن چونکە، زۆرێک لە ڕوداو و ئازارو ناخۆشی و مێژووی نەتەوەکەمانی تێدا باسکراوە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە "ئەزموونی زیندان لە شیعری فەقێ قادری هەمەوەندیدا"، هەوڵێکە بۆ ناساندنی بەهەرمە شیعریەکانی فەقێ قادری هەمەوەندی لە زینداندا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی "دەروون شیکاری".

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە گرنگی و سود دەگەیەنێت بە لێکۆڵەران و ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ئەدەبی زیندان بە تایبەت لە ئەدەبی کوردیدا ئەنجامدەدرێن.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر، تەوەری یەکەم باسی شیعری زیندان کراوە، تەوەری دووەم باسی بەسەرهات و چالاکی فەقێ قادرو زیندانیکردنی کراوە. بەشی دووەم باسی ئەو بابەتە شیعریانە کراوە کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی فەقێ قادر بوونە لە زیندادا، دواتریش ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

## تەوەری یەکەم: شیعری زیندان:

شیعری زیندان ئەو دەربڕینەیە کە گوزارشت لە ڕاستی ناخی شاعیر دەکات، بیرۆکەو دامەزراندنی ئەم جۆرە شیعرە خەم و ناخۆشی و ئازارەکان و تەنیای کونجی زیندان و هەستی پاکی شاعیرە، "شیعری زیندان لە دڵە ئازار چەشتوو ئازار دراوەکان و ڕوحی بەرزو هەستی ناسکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەربڕینەکان سەرنج ڕاکێشن و ڕەنگە بە شێوەیەکی سەیر و ئازار بەخش بچێتە دڵی خوێنەرەوە، هیچ جۆرە شیعرێک وەک شیعری زیندان ناتوانێت بمانخاتە ناو کایەی خەم و فرمێسکەوە، چونکە شاعیر باس لە خەمی ناوەوەی خۆی دەکات" (seyyes Esmaeil, Hadi shabani, 2015: 287)، خەم و ئازارو ناخۆشییەکانی زیندان و یادی ڕابوردو هاندەری سەرەکین بۆ تۆمارکردنی شیعرەکانی زیندان چونکە، شاعیر لە زینداندا لەڕێگەی شیعرەوە هەڵچوونەکانی خۆی کپ دەکاتەوە و هەست بە ئارامی دەروونی دەکات و ئەوەی لەناخیدایە دەریدەبڕێت.

"شیعری زیندان، ئەو شیعرەی لە نێو چواردیواری زیندانە تاریکەکاندا نوسراون و بیرۆکەکانیان لە گەڵ ئازار و خەم و تەنیایدا سەریانهەڵداوە، شاعیران تیایدا نهێنی و ڕازەکانیان بۆ پەڕە کاغەز (ئەگەر هەبووبێت) یان سەر دیوارەکانی زیندان گێڕاوەتەوە، گوزارشتیان لە هەستەکانی ناوەوەو خەمەکانیان لەلایەکەوە و هیوای ئازادکردن و پساندنی کۆت و پێوەند لەلایەکی ترەوە کردووە، ئەم جۆرە شیعرە هەم سەرچاوەی چێژبەخشین و هەم گیانی بەرەنگاربوونەوەیە لە نێو خودی شیعردا" (پەخشان، ٢٠١٥: ٧)، زیندانیکردنی شاعیرانیش بووە بەهۆی ئەوەی چەندین بەرهەمی شیعری جیاواز دوور لە ژیانی ئازادی تۆمار بکەن کە، "هەڵوێستە ڕژدەکانی ئەم جۆرە شیعرە وامان لێدەکات هەست بکەین هەرچی لەناو دیوارەکانی زیندانەوە وتراون، ڕاستگۆی و دڵپاکی هەستی شاعیر پیشاندەدەن، شاعیرەکان گوزارشتیان لە نامۆی و پەشێوی دەروونی و فەوتانە جەستەییە کردووە کە درکیان پێکردووە" (صاڵح، ٢٠٠٣: ١٠٩)، ئەم جۆرە شیعرە لە ئەزموونی زۆرێک لە گەل و نەتەوەکاندا بوونی هەیە، جا ئەو زیندانی بوونە بە هەر هۆکارێک بووبێ، کە لە دەرەوەی ئیرادەی شاعیر بووە.

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە شیعرانە بەرچاودەکەون و چەندین شاعیری کورد لەسەردەمە جیاوازەکاندا بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ڕاونان و دەربەدەری و زیندانی و کوشتن بوونەتەوە، هۆکاری زۆربەی ئەم مەینەتیانەش دەگەڕێتە بۆ نوسین و دەربڕینی بیروڕای جیاواز و و بابەتی ڕامیاری و ئاینی و کۆمەڵایەتی کە، بە خواست و حەزی دەسەڵات نەبووە، شاعیران شیعریان کردووە بە چەکێک لە دژی زوڵم و ستەمەم و نادادی ڕۆژگار، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەتەوەی کورد زۆر جار خاوەنی قەوارە و دەسەڵاتی سەربەخۆ نەبووە، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم نەتەوەیە لە ژێر جەورو زوڵم و زۆری بێگانەکانی وەکو تورک و فارس و ئینگلیز...هتد بووە، کە ڕێگەیان نەداوە شاعیران بەدڵی خۆیان ئەوەی لە بیرو هۆش و دڵ و دەرونیاندایە وەک خۆی دەرببڕن، بەڵکو شاعیران هەمیشە لە ژێر چاودێری هەڕەشدا بوون و سنوریان بۆ دیاریکراوە کە، نابێت شتێک بڵێن یا بنووسن دژی ئەو حوکمڕانییە یا ئەو دەسەڵاتە بێت کە لە سایەیدا دەژین، ئەم سنوردارکردنەش بەلای زۆرێک لە شاعیر و نوسەرو ئەدیبی کوردەوە شتێکی قبوڵنەکراو بووە، بەردەوام بەرهەڵستی دەسەڵاتی چەوسێنەریان کردووە، ئەوەی ویستوویانە و ڕاستی ناخی خۆیان بووە دەریانبڕیوە، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی شاعیر پێ بچێتە کۆتوبەند و زیندان، هەندێک لە شاعیرانیش کاتێک زانیویانە ژیانیان لە مەترسیدایە پەنایان بۆ چەندین شێوای دەربڕینی جیاوازی لە شێوەی ڕەمز و هێما بردووە.

شاعیر لە زیندانادا نەهامەتی و ئازارو ناخۆشییەکانی ناوەوە و دەرەوەی زیندان بە شیعر گوزارشت لێدەکات، شیعرەکانی ناو زیندان ڕەنگدانەوەی ئەزموونی شاعیران بوونە، هەست سۆزو هەڵچوونی شاعیر لە زینداندا بووە بەهۆی ئەوەی شیعرەکانی پێ دەرببڕێت، ئەویش لەڕێگەی بەرجەستەکردنی ئەندێشە و بیرکردنەوەوە، کە زۆر جار شاعیران هەوڵیانداوە بێتاوانی خۆیان لە ڕێگای شیعرەوە لەو ئابڕووبەرییە پاک بکەنەوە کە بەهۆیەوە خراونەتە زیندان.

بەرهەمی شیعری زیندان و دەرەوەی زیندانی شاعیران جیاوازن، چونکە شیعری زیندان لە ئەنجامی بارودۆخی تایبەتی وەک: بیرکردنەوە لەڕابووردو، خزم و کەسوکار، ئازارومەینەتی،

ئاین، خاک و نیشتمان و ئازادبوون، بەرەنگاری... وتراوە، ڕووخسارو ناوەڕۆکی شیعری زیندان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە، جیای دەکاتە لە شیعری دەرەوەی زیندان ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی فەرهەنگێک لە وشەی تایبەت کە شاعیر لە زیندادا ئەزموونی کردووە و بەکاریدەهێنێ.

بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی چەندین شاعیری ناوداری کوردمان دێتە بەرچاو کە، بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک ڕامیاری و ئاینی و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و داواکردنی ئازادی بۆ نەتەوەکەی ڕووبەڕووی ئاوارەی و دەربەدەری و کوشتن و ئازارو مەینەتی و کۆتو بەندی و لەداردانی نێو زیندانەکانی دەستی پاشا و میر و دەسەلات و ئیمپراتۆرییەتە گەورەکانی وەک عوسمانی و سەفەوی و ئینگلیز و ڕژێمی زۆرداری عەرەبی بوونەتەوە، ئەوانیش وەک (فەقێ قادری هەمەوەند[1]، غولام ڕەزا ئەرکەوازی[2]، ئەحمەدبەگی ساحێبقران (حەمدی)[3]، ئاغا عینایەت[4]، قانع، گۆران، کاکەی فەلاح، بێکەس، دیلان، مەلا عەلی، شێخ مارف، جەبار جەباری، ڕەفیق چالاک، کامەران مووکری، دلشاد مەریوانی، شاکر فەتاح، عوسمان عوزێری) ، ....زۆرێکی دیکەی شاعیرانی کورد ڕووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجەو کوشتنی ناو زیندانەکان بوونەتەوە.

لە ئەدەبی کوردیدا "ژانری شیعر بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەبی پانتاییەکی زۆری بەرکەوتووە لەنێو ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە لە نێو زیندان نووسراون". (ڕێبین، ٢٠١٦: ٣٣٧).

یەکێک لەو شاعیرانەی کە، زۆرترین ماوە لە زینداندا ماوەتەوە و توشی زۆرێک لە ئازارو ناخۆشی و دەردەسەری ڕۆژگاری خۆی بووە، (فەقێ قادری هەمەوەندی)یەکە دەکرێت ناوبراو بکەین بەسەرمەشقی شاعیرانی زیندانی سەدەی نۆزدەی زاینی لە ئەدەبی کوردیدا، چونکە، بۆ ماوەی نزیکەی(٦) ساڵ لە زیندانی عوسمانییەکاندا ماوەتەوە و زۆرێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی لە کونجی زیندادا نوسیوەتەوە.

## تەوەری دووەم: فەقێ قادر و زیندان:

سەردەمی ژیانی (فەقێ قادر)[5]ی هەمەوەندی[6] دەکەوێتە سەدەی(١٩ز)، لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی فەرمانڕەوای زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقیی و بەشێک لە خاکی ئەورووپی کردووە، لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩ز)، شەڕو ناخۆشی زیاتر دەکەوێتە ناوچەکەوە، واتە لە نزیکی(١٨٥٠ز)، کە ئەوکات تازە میرنشینی بابان بە دەستی عوسمانییەکان لەناوچووبوو.

---

1) بڕوانە، دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند، کاروان عوسمان خەیات، ل. ٥٤.
2) بڕوانە، مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرەکەی، بەرگی دووەم، ل. ٥٧.
3) بڕوانە، مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار بۆرەکەی، بەرگی پێنجەم، ل. ٢٤٧.
4) بڕوانە، مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرەکەی، بەرگی دووەم، ل. ٣٦٨.
5) شاعیر ناوی (عەبدولقادر ڕەسول جوامێر)ە، لەبەرەبابی بەگزادەی تیرەی چەلەبییە، ساڵی (١٨٣٠ز) لە ناوچەی بازیان، هەندێکیش پێیان وایە لە گوندی(قودرەتەی) ناوچەی هەمەوەند لە چەچمچەماڵ لەدایک بووە، شاعیر سەرۆک هۆزی هەوەند بووە، لە ساڵی (١٨٧٠ز) لە ژیانی ئاوەرەیدا لە بنغازی لیبیا کۆچی دوایکردووە. (کاروان، ٢٠٢٠: ٥١-٥٢-٥٣-٥٤).
6) هۆزی هەمەوەند لە ساڵی (١٧٠٠ز) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەی سنەوە هاتوونەتە باشوری کوردستان و لە ناوچەی بازیان و چەمچەماڵ نیشتەجێ بوون. (سەرتیپ، ٢٠٠٨: ٨).

هۆزە کوردەکان بە تایبەتی هۆزی هەمەوەند پاڵپشتی و یارمەتیدەرێکی باشی میرنشینی بابان بووە لە ڕابووردودا[7]، بە لەناوچوونی میرنشینی بابان، هۆزە کوردەکان، لە ناویشیاندا هۆزی هەمەوەند کەوتە نێوان هەردوو بەرداشی عوسمانی سەفەوییەوە، کە هەر یەکەیان بەمەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان دەیانویست سەرنجی هۆزە کوردەکان و لەناویشیاندا هۆزی هەمەوەند و سەرکردەکانی هۆزی هەمەوەند بۆلای خۆیان ڕابکێشن، ئەویش بەهۆی گرنگی و بایەخی ناوچەکە بۆ عوسمانییەکان، کە پێیان وابوو بە نزیک بوونەوە لە هۆزی هەمەوەند، ناوچەکە، واتە ناوچەی سنوری نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان ئارام دەبێت و بزووتنەوەی چەکدرای هۆزەکە دژ بە عوسمانییەکان کپ دەکرێت، لەهەمان کاتیشدا دەکرێ هۆزەکە لە دژی سەفەوییەکان بکاربهێنرێت، بیرکردنەوەی سەفەوییەکانیش بەهەمان ئامانج و مەبەست بووە، چونکە هۆزەکە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو سوارەی ئازاو شەڕکەر بوون، لەوانەش هەردوو سەرۆک هۆزی هەمەوەند (فەقێ قادر) و (جوامێر ئاغا)[8] کە، ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان بەسەر زۆرێک لە کێشەو ڕووداوەکانی ناوچە سنورییەکانی نێوان هەردوو دەسەلاتی عوسمانی و سەفەوییەوە هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی لە فراوانبوونی دەسەڵاتی هۆزەکە ترساون، چونکە، "پاش ڕووخانی میرنشینی بابان، هۆزی هەمەوەند تاکە هۆز بووە کە گیانی بەرگری و دژایەتی عوسمانیەکانی تێدا مابوو" (Hemin(1), 2021: 933)، یەکێکیش لەوانە (فەقێ قادر)ە کە ئازایانە قۆڵی مەردایەتی لێهەڵدەکات و مەبەستێتی ببێتە میراتگری شۆڕشی بابانەکان و خەباتی ئەوکاروانە تەواو بکات کە بابانەکان ڕێگایان بۆ گرتبووەبەر.

فەقێ قادر جگە لەوەی شاعیرێکی پایە بەرزی کوردە، لە هەمان کاتدا سەرۆک هۆزو شۆڕشگێرێکی بە تواناو لێهاتووە بووە، دوای نەمانی میرنشینی بابان فەقێ قادر ناوێکی گەورە بووە لە گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکەداو ڕووبەڕووی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی وسەفەوی بۆتەوە.

فەقێ قادر لەو سەردەمەدا سەرۆک هۆز و سەرپەرشتی کارو چالاکی هەمەوەندییەکانی لە ناوچەکانی بازیان و چەمچەماڵ لە ئەستۆ بووە، ڕابەرایەتی بزوتنەوەی چەکداری هۆزەکەی کردووە، جوامێر ئاغاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەکانی قەسری شیرین و سەرپێڵی زەهاو کاروباری کوردەکانی ئەو ناوچەیەو هۆزی هەمەوەندی لە ڕۆژهەلات لە ئەستۆ گرتبوو، لەکاتی ناهەمواری و ڕاوەدونانی هۆزەکە بەناچاری هەردوو سەرکردەو سەرۆک هۆز هانایان بۆ یەکتر بردووە و بەدەنگی یەکەوە هاتوون، "لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی هەمەوەندەکان دژی والییەکانی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا، نزیکەی (١٩) جار هەمەوەندەکان ناوچەکانی چەمچەماڵ و بازیانیان بەرەو ناوچەی زەهاو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان جێهێشتتوەو دواتر گەڕاونەتەوە" (دارا، ٢٠٠١: ٢٦). لە بەڵگەنامەیەدا دەردەکەوێ کە ساڵی(١٨٨٦ز)، فەقێ قادر و (٢٠٠) سوارە، پاش ئەوەی

---

[7] بڕوانە، هۆزی هەمەوەند لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا، (سەرتیپ، ٢٠٠٨: ٢١-٢٢)، هۆزی هەمەوەندو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (کەریم، ٢٠١٠: ٧٦-٧٧-٧٨).

[8] سەرکردەو سەرۆک هۆزی هەمەوەند بووە، لەساڵی (١٨١٥ز) لە گوندی (عەلی مەنسور)ی ناوچەی چەمچەماڵ و هەمەوەند لە دایک بووە، لە ساڵی (١٨٨٦ز) بە فەرمانی (حسام الملک) لە قەسری شیرین لە ڕۆهەڵاتی کوردستان ئەکوژرێ. (جەمیل، ٢٠٢٠: ٢٢٤-٢٢٦)، پاش کوژرانی جوامێر ئاغا لە ڕۆژهەلات، خزم و کەسوکارەکە گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی بازیان و چەمچەماڵی باشوری کوردستان. (دارا، ٢٠١١: ٢٣).

لای جوامێر ئاغا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داڵدە دراون، دواتر پلانی عوسمانیەکان و فشاری سەفەوییەکان، جوامێر ئاغایان ناچارکردووە کە، فەقێ قادر ناچار بە گەڕانەوەی بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بۆ ناوچەی خۆی بکەن. (خالد،٢٠١٢: ٢٢٥).

بەهۆی ئەوەی فەقێ قادر و هۆزەکەی ملکەچی بڕیارو داواکاری عوسمانییەکان نەبوون، زۆر جار فەقێ قادر ڕووبەڕوی ستەم و گرتنی عوسمانییەکان بوەتەوە و زیندانی کراوە، لە کاتێکدا فەقێ قادر "لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانیدا قائیمقامی[9] چەمچەماڵ بووە" (کاروان، ٢٠٢٠: ٥٤)، فەقێ قادر لە نێوان ساڵانی(١٨٨١ز_١٨٨٦ز) واتە بۆ ماوەی (٦) ساڵ زیندانی عوسمانییەکان بووە، بەڵام هەموو کاتی زیندایکردنەکان بەسەریەکەوە نەبووە، واتە ماوەیەک زیندانی و دواتر ئازادکراوە و پاش ماوەیەک زیندانیکراوەتەوە، لە زیندانەکانی کەرکوک و موسڵ و بەغداد، زیندانی بووە.

فەقێ قادر لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە، بەردەوام کێشە و ڕوداو و ناخۆشییەکانی ناو هۆزەکە لە ئەستۆی خۆی گرتووەو هەمیشە وەک سەرکردەیەکی خاکی خۆی لەبەرەی یەکەمی کێشەکانی هۆزەکەی هەژمار کردووە، کە هەندێ جار زیندانی بوونی ناوبراو بەهۆی چالاکی و جوڵەی هۆزەکەیەوە بووە نەک خودی ناوبراو، چونکە، ناوبراو بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن عوسمانیەکانەوە دەسەڵاتی پێدراوە، تا لە کۆتایدا هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی هەوڵی ڕازیکردن و نزیک بوونەوە لە هۆزەکەیان بۆ جێبەجێناکرێ و بە ناچاری بڕیاری دورخستنەوەیان دەدرێت، بۆ دەرەوەی کوردستان، "لە ساڵی(١٨٨٦ز)[10] سەرجەم خێزانەکانی هۆزەکە بە گەورەو بچووکەوە ئاوارەی ناوچەکانی تەرابلسی لیبیاو باکوری ئەفریقاو ئەسیناو تورکیا دەکرێن، فەقێ قادریش لە ژیانی ئاوارەیدا لە بەنغازی لە لبیا کۆچی دوای دەکات و تا ئێستاش گۆڕەکەی بزرە" (دارا، ٢٠١١: ٣٦).

فەقێ قادر "بە ئەندازەی ئەو ڕۆژە خوێندنی لای خوێندەواران گەیاندووە تا پلەبەکی بەرز، لە کاتی لاویدا توشی دڵدارییەکی بەجۆش بووە، لە ناوەڕاستی ژیانیدا بەهۆی جموجۆل و بگرە و بەردەی کەسوکارەکەیەوە توشی بەندیخانە بووە، لە بەندیخانە تووشی دینداری بووە و زۆر وتاری دینی و دەروێشی هەیە" (گیو، ٢٠١٩: ٢٤٨).

فەقێ قادر خاوەنی دیوانێکی گەورەی شیعرییە، زۆرێک لە شیعرەکانی لە زینداندا تۆمارکردووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەدیب و سیاسەتمەدارو نوسەری کورد (نەوشیراون مستەفا ئەمین) فەقێ قادری بە شاعیری زیندان ناوبردووە. (نەوشیروان، ٢٠١٥: ١١٠)، شیعرەکانی فەقێ قادر بە شێویەکی گشتی دەکرێن بە دووبەشەوە (شیعری درێژ و شیعری کورت)، لەو بەرهەمە شیعریانەی کە شاعیر لە زینداندا تۆماریکردوون و بە کتێب ناوی بردوون واتە شیعرە درێژەکانی، ئەمانە

---

[9]) هیچ بەڵگەنامەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێ کە فەقێ قادر قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ بووبێ، بەڵام بەڵگەنامە هەیە بۆ ئەندامبوونی لە ئەنجومەنی قەزای چەمچەماڵ. (Hemn(2), 2021: 47).

[10]) بەپێی یەکێک لە بەڵگەنامەکانی دەسەڵاتی سەفەوی ساڵی (١٨٨٧ز) فەقێ قادرو (٢٠٠) کەس لە هاوەڵانی خۆیان ڕادەستی عوسمانییەکان کردۆتەوە. (Hemn(2), 2021: 57)، ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە ساڵی (١٨٨٧ز) پاش خۆ ڕادەستکردنەوەی فەقێ قادرو هاوەڵەکانی و دواتر زیندانکردنی ناوبراو و کۆکردنەوەی ناچاری خێزانە هەمەوەندەکان ئاوارەی دەرەوەی کوردستان کراوان، نەک ساڵی (١٨٨٦ز).

"دروودنامە (١٨٨٠ز)، میعراج نامە (١٨٨٠ز)، فەزیلەتی بەنی ئادەم (١٨٨٢ز)، جەبری و ئەشعەری (١٨٨٣ز)، پەندی حوکەما (١٨٨٣ز)، عەقیدەی ئیسلام (١٨٨٤ز)، لە زیندانی کەرکووک تۆمارکردووە" (کاروان، ٢٠٢٠: ٥٥)، گەر سەرنجێک بدەینە ناوی کتێبە شیعرییەکانی شاعیر، ئەوەمان بۆ دەردەوێ کە زۆرێک لە شیعرە کانی شاعیر بابەتی ئاینین، ئەویش لە شێوەی پاڕانەوە و ئامۆژگاری و پەند و چیرۆک و بیروباوەڕ و تەنانەت شاعیر دەستی بردووە بۆ بابەتێکی قوڵ وفەلسەفەی جەبری و ئەشعەرەییەکان کە دوو گروپی ئاینی دژ بەیەکن، ئەمە جگە لەوەی شاعیر خاوەنی کۆمەڵێ کورتە شیعرە کەتیایدا باسی دڵداری و وەسف و سروشت و ستایش و ماتەم و شیوەن و ئازادی و سەربەستی...دەکات.

سەرجەمی ئەو کتێبە شیعریانەی فەقێ قادری ڕەنگدانەوەی بارودۆخی زیندانە کە، شاعیر لەڕێگەی هەڵچوون و بیرکردنەوە لە ڕابوردو و جوڵانی هەستی نەتەوایەتی و بەرەنگاری عوسمانییەکان نوسیویەتی، شاعیر زیندانی کردووە بە قوتابخانەیەک بۆ ئامۆژگاری و بەخۆدا چوونەوە و سەرزەنشتکردنی نەفسی خۆی، کە زۆرجار بەهەڵەیدا بردووە و تیایدا داوای لێخۆشبوون لە خوداو ئازادی و سەربەستی دەکات، شاعیر لە زینداندا خاوەنی بیرکردنەوە و دنیا بینییەکی جیاوازتر بووە بۆ ژیان، لە زۆر ڕەفتار و بڕیاری خۆی کە پێشتر پێیدا تێپەڕیوە نیگەران و پەشیمان بۆتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە بووە کە ڕۆژگار دەرئەنجامەکەی زیاتر بۆ ڕونکردۆتەوە.

## بەشی دووەم: ڕەنگدانەوە چەند بابەتێکی شیعری لە زیندان لای فەقێ قادری هەمەوەندی:

### ١- بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر:

شیعری بەرەنگاری ئەو شیعرەیە کە، دژی هەموو ناشرینییەکان دەسەڵاتی زۆردار دەوەستێتەوە و بە زمانێکی سادەو ڕەوان و دور لە خەیاڵ، ڕاستییەکان پیشانی خوێنەر و گوێگر دەدات، "شیعری بەرەنگاری ئەو شیعرەیە کە داوای ئازادی و بەگژداچونەوەی خۆسەپاندن و داگیرکردن دەکات، ئەو چەکە بەهێزەیە کە، سەرجەم میللەت دەتوانێت شەڕی ناحەزان و داگیرکەرانی گەل و نیشتیمانی پێبکات، لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەدا دوژمنی پێ ببەزێنێت" (عەبدولواحید، ٢٠٢١: ٣٤٧)، شیعری بەرەنگاری کاتێک دێتەکایەوە کە نەتەوەکە بە گشتی لە بارودۆخی بەرەنگاری بەرامبەر دەسەڵاتێکی دوژمنکارانە وەستابێتەوە، شیعریش ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگایە و شاعیر بە شیعر گوزارشت لە باوردۆخی ڕۆژگاری کۆمەڵگا دەکات.

بەرەنگاربونەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لە لایەن فەقێ قادرەوە بۆ ئەو زوڵم و زۆرو نادادپەروەییە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەرحەق بە خەڵکی بێتاوانی کورد و لە ناویشیاندا هۆزی هەمەوەند و خودی شاعیر ئەنجامیانداوە، فەقێ قادر دەسەڵاتی عوسمانی لە نزیکەوە ناسیوەو پێشینیەکی باشی لەگەڵیاندا هەبووە چونکە، شاعیر خۆی لەناو ڕووداوەکانی سەردەمەکەدا بووە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێدراوە، بەڵام ئەمە نەبووە بەهۆی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی شاعیر بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، تا ئەو ڕادەیە فەقێ قادرا ئازاری

چەشتووە بە دەست دەسەڵاتی عوسمانییەوە کە ڕووبەڕویان بێتەوە و پێیان بڵێت: تورکی عوسمانی ئەهریمەن ئاسان و هەرگیز باوەڕیان پێ مەکەن چونکە، باوەڕهێنان بەتورک بۆ کەسێکە نەزانبێت، فەقێ قادر سیستەمەکەی باش ناسیوە، ئازایانە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی عوسمانییەکان وەستاوەتەوە تەسلیمی ئیرادە و داواکارییەکانیان نەبووە و بەرەنگاریان بۆتەوە، بە شەیتان و خوای شەڕ ناوزەندی کردوون، فەقێ قادر دەیەوێت ئەو مەبەستە بگەیەنێ کە، عوسمانییەکان بە بەڵێنی درۆ و پێدانی دەسەڵات فریوت ئەدەن، پاشان کە کارەکانت بە دڵی ئەوان نەبوو و بەرژەوەندییان لەگەڵت نەما تۆمەتی ناڕەوات بۆ دروستدەکەن و دەتخەنە ناو کونجی زیندا، زیندانی کردنی فەقێ قادر گەواهیدەری ئەو ڕاستییانەن کە فەقێ قادر دەیخاتە ڕوو.

ڕاستیش ئەوەیە کە، من بەهۆی بێ ئاگاییەوە باوەڕم بە تورک کردووە، دنیایەکی هونەری و پڕ لە خەیاڵیان وەک بەهەشت پیشانداوم بەڵام نەمزانی ئەمە داوە و تێی دەکەوم، ئێوە هۆشیاربن و هەرگیز باوەڕیان پێمەکەن، ئەوەی باوەڕ بە بەڵێنی تورک بکات لە من بێئاگاترە، ئەمەش ئەزموونێک بووە لە ژیانی فەقێ قادر کە، دواتر نەتەوە و هۆزو و نەوەکانی دوای خۆی لە شەڕ و دڵڕەقی عوسمانییەکان ئاگادار دەکاتەوە.

**بە دام و تـــــــەزویر، بە حیلە و بە فەن**

**هاکەفتی نـــــەدام تــــــــورک ئەهریمەن**

**هەرکەس بـــــــــە تورکان بکەرۆ باوەڕ**

**ئەحمەق ئەو کەسەن جە من ئەحمەقتەر! (فەقێ قادر، ٢١٦).**

دڕندەی تورک گەیشتووە بە ئاستێک کە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ ببێتە دۆست و نزیکی و پلەو پایەت بەرز بکاتەوە، وەک چۆن باز بێڕەحمانە بە چڕنوکە وێرانکەرەکانی هێرش دەباتە سەر کەوی بێ تاوان و بێ زیان و لەناوی دەبات و دڵ و هەناوی دەردێنێ، ئەو ڕەوفتارانەی عوسمانی بەرامبەر بە کورد ئەنجامیان داوە هەرگیز جێی متمانە نیین و کەسانی خاوەن ژیری و کارزان باش دەزانن کە، دۆستایەتی و ژیانی نێوانیان پایەدار نابێ، دۆستایەتی تورک و کوردیش هەمان وێنەو دەرئەنجامی بازو و کەو دەبێت کە شاعیر زیرەکانە کێشاویەتی.

**چوون کەبک و بازەن ئونس کورد و تورک**

**مەر کێ جە سایــــەی تورکان بی بزورگ؟!**

**مەعلوومــــــــــەن جەلای عـــــاریفانی کـار**

**دۆستی تورک و کــــــــــورد نییەن پایەدار (فەقێ قادر، ٢٤٠).**

بەرەنگاربوونەوەی شاعیر بەرامبەر عوسمانییەکان تەنها لایەنی دڕندەی و بێ متمانەی نەگرتۆتەوە، بەڵکو شەڕی شوناسی ئاینیش بەرپا بووە، چونکە عوسمانییەکان نەیانتوانیوە بە کۆمەڵێ هۆکاری تر شەڕی هەمەوەند بکەن، چەکی ئاینیان لە دژ بەکارهێناوە، جاڕی ئەوەیان بەناو خەڵکدا داوە کە هۆزی هەمەوەند بێ دین و کافرن و ئەمەش بۆ نەتەوەیەکی موسڵمان لە چەکەکانی تر

کاریگەرتر و کوشندەتر بووە[11]، ئەم شەڕی شوناسە بۆ کورد مێژوویەکی دورودرێژی هەیەو تا سەردەمی ئەنفالی کورد کاری پێکراوە، ئەویش لەڕێگای پیاوانی ئایینەوە بانگەشەی بۆ کراوە بۆیە فەقێ قادریش ڕووبەڕووی عوسمانیەکان دەبێتەوە و بە نزیکەکانی و خەڵکی بە گشتی دەڵێت: هەرگیز تورک بە ئیسلام لەقەڵەم مەدەن، چونکە نە خاوەنی دادپەروەرین و نەزەرەیەک ڕەحم و بەزەییان هەیە، ئەمەش لە ڕاونگەی بیرکردنەوەی شاعیرەوە بوە کە، دەرئەنجامی ژیانی خۆی هۆزەکەی ئەزانی ئاوارەی و دەربەدەری و کوشتن و بڕینە.

**وەسـیەتم ئێـدەن جەلای خاس و عام**

**بە تورکان هەرگیز مەواچوون ئیسلام**

**نە سـەرف ئینساف، نە مەیل مروەت**

**نە هەن جە لاشان زەڕڕێ مەرحەمەت (فەقێ قادر، ٢١٨_٢١٩).**

شاعیر ڕووی دەمی دەکاتە مەلاکانی ئەو سەردەمەوە بەرەنگاریاندەبێتەوە و پێیان دەڵێت: پێگەی ئاینی خۆیان بۆ بڕێک دەسکەوتی مادی فرۆشتووە و خویان بەو کارەوە گرتووە، ناکرێ فتوای کافر بوونی هۆزێک بدەن کە، موسڵمانن و تەنها تاوانیان ئەوەیە کوردن و ڕووبەڕوی زوڵم و ستەمی عوسمانی وەستاونەتەوە.

**نەک چون عولەمای ئەی وەقت ئەییام**

**یەکسەر بەپـارەی مەعاش بییەن ڕام. (فەقێ قادر، ١٩٥).**

توڕەبوون و ئازار چەشتنی فەقێ قادر لە دەسەڵاتی عوسمانی لە زینداندا گەیشتوە بە ئاساتێک کە، باش و خراپی تورک بە یەک چاو سەیر بکات و بڵێت جیاوازییان نییە، وەک ئەو پەندەی کە دەڵێ "تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتێنێ"، بانگیش دەدات بە گوێی کوردانداو دەڵێت: گەر ئەتانەێ وەک من خەجاڵەتی و پەشیمانی نەچێژن ئەوە هەرگیز مەبنە دۆستی تورک و هۆگریان مەبن، ئازاری هۆگربوون و نزیک بوونەوەی تورک کۆتاییەکەی هەر شەرمەزاری و خەجاڵەتییە.

**تۆ خۆ مـەزانی تورک بێ مەجازەن**

**جە نیک و جە بـەد بێ ئیمتییازەن**

**هەر کورد چەنی تورک بگێرۆ ئولفەت**

**ئەڵبەت وێنەی تـۆ مەمانۆ خەجڵەت (فەقێ قادر، ٢٣٧_٢٣٨).**

تەقینەوەی زمانی شیعری فەقێ قادر بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە جۆرێکە کە، بێ پەنابردن بۆ خەیاڵ و وشەی ناڕوون، ڕاستەوخۆ هاتوتە دنیای ڕاستی و ئەوەی بەزاریدا هاتووە و پێویست بووە بۆ وتن بێ ترس و شەرم و سڵکردنەوە بۆ بەرەنگاری عوسمانیەکان بەکاریهێناوە.

---

[11]) لەم بارەیەوە بڕوانە، هۆزی هەمەوەند و بزتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. (کەریم، ٢٠١٠: ١٤٨-١٥١).

سەرەڕای دەسەڵاتی فەقێ قادر لەناو عوسمانیەکاندا، بەڵام بەدرێژای ژیانی درێژی لەوەسفی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا نەنوسیوە و ستایشی نەکردوون12، هەمیشە بەرەنگاریان بوەتەوە بەو شێوەیەی کە بینیویەتی وێنای کردوون، ئەمەش بە پێچەوانە هەندێک شاعیرەوە کە بۆ بڕێک پارە هەمیشە لە وەسفی ئەو دەسەڵاتەدا بووە کە، هەمیشە نەتەوەی کوردیان وەک نێچیرێک هاتوتە پێش چاو. (لەتیف، ٢٠١٦: ١٦٣).

## ٢- بیر و هەستی نەتەوایەتی

فەقێ قادر لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە کە، بیرو هەستی نەتەوایەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، زیندانیکردنی فەقێ قادر نەبووە بەهۆی دابڕانی لە گرنگیدان بە زمان و بیری نەتەوەی، بەڵکو پتر لە شاعیرانی دەرەوەی زیندان گرنگی بەو لایەنە داوە، چونکە نەتەوەکانی وەک عەرەب و فارس و تورک...، زۆر جار زمانی کوردیان قبوڵ نەکردووە، نوسین و زمانی کوردییان بە لاوازو ئاستێکی نزمتر لە زمانی خۆیان لەقەڵەم داوە، ئەمەش زیاتر هانی شاعیری داوە کە لەم ڕووەوە دەنگی هەبێت و وەڵامی ئەو بە نزم سەیرکردنە بداتەوە.

فەقێ قادر لە ڕێگەی گرنگیدان بە زمانی دایک و بەرزکردنەوە و جوان پیشاندانی، هاندانی نەوەکانی داهاتووی بەرامبەر زمان و نەتەوە و نیشتیمانی کردۆتە بەرنامەی کاری زیندانی، "شەڕی گەورەی هەمەوەندی لە بەرگریکردن لە زمانی دایکی دەردەکەوێت و لێرەشەوە دەچێتە ڕیزی ئەو شاعیر و ڕابەرانەی لەمێژ بوو ئەم خولیایەیان کردبووە دروشمێکی خۆیان" (ڕێبوار،٢٠٢٠: ٢٨٠)، لەم سۆنگەیەوە شاعیر پاساوی وەرگێرانی "میعراجنامە"ی بۆ تێنەگەیشتن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام گێڕاوەتەوە کە زۆرێک لە بابەتە ئاینییەکان بەزمانی عەرەبی و فارسی نوسراون، تێنەگەیشتنیش لەم دوو زمانە چەوسێنەرە هۆکاری دواکەوتوییە، بۆ بەرز ڕاگرتنی شکۆ و پایە بەرزی پەیامهێنەری ئیسلام پێویستە ئەم کارە بکەم و "میعراجنامە" وەرگێڕم بۆ زمانی کوردی، شاعیر کاری وەرگێڕان بۆ زمانی شیرینی کوردی بە گرنگ و پڕ بایەخ زانیوە، چونکە لەو ڕۆژگارەدا نوسین بەزمانی فارسی و عەرەبی باو بووە، نوسین بە کوردی عەیب و خەوش بووە و ڕەخنەی لێگیراوە، شاعیر دەیەوێ نەوەکانی داهاتوو زمانی کوردی بکەنە بنچینەی نوسینەکانیان، وەک چۆن فارس و عەرەب و تورک... بەزمانی خۆیان دەنوسن ئێمەش پێویستە بە زمانی خۆمان بنوسین و بدوێن و لە هەمان کاتیشدا زمانەکانی تر بزانین و تێبگەین، ئەویش مافێکە کە خودا بەهەموو گەل و نەتەوەیەکی داوە بە زمانی خۆیان بنوسن و بدوێن.

---

12) ئەم کارەی فەقێ قادر بەدەر لە دەماگیری نەتەوەی بووە، چونکە شاعیر شیعری بۆ کیژی تورک نوسیوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەرپەرچی دەسەڵاتی داوەتەوە نەک تورک وەک نەتەوە:

تورک ترمەپۆش، تورک ترمەپۆش

تەڕلان تـــــــەوار تـورک ترمەپۆش

...

نە قەدت ڕەونەق زیـــــب و زیوەر دەر

قیام وەقتمەت تــــــوول عەرعەر دەر (فەقێ قادر، ٧٥٩).

**هەرچەند بێحەددەن سییەر نەبـــی**

**هەم بە فارسی، هەم بە عـــــەرەبی**

**جاهیلان کورد بێحەددە و حیساب**

**نمەکەن تەفهیم فـــــارسی کـــــیتاب**

**...**

**وە حەیفم زانا زومرەی جـاهیلان**

**قەدر نەبیشان تەمام نـــــــــەزانان**

**کێشانم تەسدیع پەرێ هامدەمـــان**

**کەردەم تەرجومە بە لەفز گـۆران (فەقێ قادر، ١٤٧).**

شاعیر لە زیندانادا کاری وەرگێڕانی لە پێناو پاراستنتی زمانی کوردیدا ئەنجامداوە، هۆکاری وەرگێڕانی "پەندی حەکیمان" بۆ زمانی کوردی، لەو هەستە نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە کە، زۆرێک لە شاعیرانی کورد پەنایان بۆ بردووە، ئەویش کورد بوون و پاراستنی زمانی شیرینی کوردییە کە، هەرکەس بە زمان و نەتەوەی خۆی شادو خۆشحاڵە، ئەمەش لای زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی ڕەنگی داوەتەوە وەک ئەم دەق ئاوێزانەی فەقێ قادر و خانای قوبادی کە خانا دەڵێت: (مەحفوظن هەرکەس بە زمان وێش)، بیرکردنەوە و گڕو ناسۆری ناخی هەردوو شاعیر لەیەک کوانوی کوردایەتی و زمانی کوردییەوە سەرچاوەیان گرتووەو هەڵقوڵاون.

**چوون فارسی بی پەند حـــــــــــــەکیمان**

**بە لەفز کوردی کەردم تـــــــــــەرجومان**

**سا چوون من ئەسڵم سینف ئەکـــــرادەن**

**هەر کەس بە ئەمسال وێش خاتر شادەن (فەقێ قادر، ٥٣٥).**

"بێگومان هەر شاعیرێک یان نوسەرێک پێش بڵاوبوونەوەی هەست و بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی بە زمانی زمانی زگماکی خۆی نوسیبێتی یان وتبێتی ئەوە هەڵوێستێکی جوامێرانەی شاعیرە یان نوسەرە بەرامبەر نەتەوەکی نواندێتی، یان ئەو ئارەزوی بە کوردی نوسینەی، خۆی لە خۆیدا هێمای ئەو بیرو هەست و گیانە نیشتیمانی و نەتەوەییە" (محەمەد:٢٠٠٨، ل، ١٣٣)، ئەم سەرەنجەی نوسەری ناوبراو دەقاودەق لەسەر نوسین بە زمانی کوردی لای فەقێ قادر ڕەنگیداوەتەوە، چونکە ئەبینین لەو سەردەمەدا کەسایەتی ئاینی و ناوداری کورد کاک (ئەحمەدی شێخ) پاڕانەوەی خزری بۆ فارسی وەرگێڕاوە نەک کوردی، بەڵام فەقێ قادر وەرگێرانە فارسییەکەی بۆ کوردی بووە، بە کوردی نوسینی شیعری فەقێ قادر وەڵامێکی پڕ بەپێستە بۆ بەرگریکردن لە زمانی دیک و گرنگیدان بە هەستی نەتەوایەتی.

**مــــەعلومەن جەلای زومرەی عەزیزان**

**کاک ئەحمەدی شێخ ئەو قوتبی زەمان**

**...**

**ئەو بە فارسی هـــــــــەفتاد ئیستێخفار**

**تەرجومەش کەردەن پەی تەسهیل کار**

**...**

**من هەم تەرجومەی ئەو پیر کـــــــامێڵ**

**بە لەفز (گۆران) کەردەنم تەکـــــــــــمێڵ (فەقێ قادر، ١١٨).**

شاعر لە ناو ئاینەوەو بەهۆی وەرگێڕان و زمانەوە بیری نەتەوایەتی وروژاندووە، وەرگێڕان ناوەندو هاندەری شاعیر بووە تا لەڕێیەوە پەیامە نەتەوەییەکەی خۆی بگەیەنێت، لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە خەمی گەورەی فەقێ قادر نوسین بووە بە زمانی شیرینی کوردی، نەک ڕق و کینەی بەرامبەر زمانەکانی فارس و عەرەبی و تورکی عوسمانلی... چونکە شاعیر پێی وایە تێنەگەیشتن لەو زمانانە لای تاکی کورد هۆکاری نەفامی و دواکەوتوییە.

## ٣- ئازارو مەینەتی

زیندا ئەو چێوار چێوەی هەڵچنراوەیە کە پڕێتی لە ئازاو ناخۆشی و ناسۆر کە زیندانی دەیچێژێت، ئازارو ناخۆشییەکانی زیندان خۆی لە دوو جۆری سەرەکیدا دەبنیێتەوە ئەوانیش (ئازارو ناخۆشی جەستەی و ئازارو ناخۆشی دەروونی)، تەنیای و بەندکردن لە چوارچێوەی زیندان خۆی لە خۆیدا ئازارو ناخۆشییە، لە ڕووی دەرونی و جەستەییەوە، زیندانیکردنیش لەلایەن دەسەڵاتیکی داگیرکارەوە بێت و لەسەر بیروڕای جیاواز و خەباتی نەتەوایەتی کاردانەوەی زیاترە لە لایەن شاعیرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە شاعیر جگە لە ئازارو ناخۆشییەکانی زیندان بیر لە ئازارو ناخۆشیی و هەواڵە ناخۆشەکانی دەرەوەی زیندان، وەک مناڵ و خێزان و خزم و کەسوکارو نزیک و هۆز، باری نالەباری وڵات، ناکۆکی خزم و هۆز و تەنیایی و مردن... زۆر باری تری ناخۆشی ژیان بکاتەوە، هەموو ئازارو ناخۆشییەکان لە ناخ و بیری شاعیردان و شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە بە باسکردنیان دەرونی خۆی ئارامدەکاتەوە، لەو ڕێگەیەشەوە ئەیەوێ پەیامەکەی خۆی بگەیەنێ.

زیندانی بوونی شاعیر هەر ئەوە نەبووە کە لە چوارچێوەی دیوارێکی ساردو سڕدا دانیشێت و ئاگاداری ژیان و ڕوداوەکانی دەرەوەی زیندان نەبێ، بەڵکو هەمیشە لەبیرو خەیاڵی ژیانی ماڵ ومنداڵ و کەسی نزیک و هۆزو نەتەوەکەیدا بووە ،ماڵ وێرانی و مەینەتی و دەربەدەری و ئاوارە بوونی خێزان، فەوتانی مناڵ و مردن و دەربەدەرەی نزیکەکانی، بێبەشبوونی لە حوجرە و هاوڕێکانی، ژیانی شاعیر و خەو و خواردنی لێ تاڵ کردووە، شاعیر تەنها لەڕێگای شیعرەوە ئەتوانێت ئەم هەستە ناخۆشیانەی ژیانی زیندان دەربڕێت چونکە، جگە لە زمان و دەربڕێنی شیعری شاعیر خاوەنی هیچ هۆکارێکی تر نییە کە بەهۆیەوە کەمێک لە خەم و ئازارەکانی کەمکاتەوە و بۆ ساتێکیش بێت دەرونی ئارام بێت.

**هەم خانە تاراج، هـــــەم عـەیاڵ جە بــەند**

**هەم وێم نە زەنجیر، هەم فەوت فەرزەند**

**هەم جـــە بیم ڕۆح فــکرم ســـەرسامەن**

**نە بەڕۆژ خــۆراک، نەشـــــەو ئـــارامەن!**

**هـــەم هـــەر ڕۆم پەرێم ماوەران خەبــەر**

**فــڵان برات فەوت، فـــــــــڵان دەربەدەر**

**هـــەم حوجرە تاریک، هەم قاپی مەحکەم**

**هـەم جە تۆی حوجرە بێ یار و هەمدەم! (فەقێ قادر، ٢١٦).**

دەردی ناتەبای و نەسازان یەکێک بووە لە کێشە هەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد کە لە ئاستی گەورەکانەوە شۆڕبۆتەوە تا هۆز و خێزانەکانیشی گرتۆتەوە، هەر بەهۆی ئەم ناتەبایی و لە خۆ بایبوونەوە زۆرێک لە دەسەڵات و میرنشینە کوردییەکان تێکشکان و لەناوچوون، ناتەبای و لەخۆ بایبوونی خزم و نزیکەکانی یەکێکی ترن لەو دەردو ناخۆشیانەی کە بەرۆکی فەقێ قادری گرتووە، شاعیر هاوارو ناڵینێتی لەدەس براو نزیکەکانی لە هۆزەکەی و کاربەدەستان و دەڵێت: یونس ئاسا لەدەسی ئێوە هەڵاتم و سەری خۆم هەڵگرت، بەڵام نەمزانی ئەبمە ژێردەستەی و خۆراکی تورک وەک چۆن یونس بووە خۆراکی حوتی دەریا، ناخۆشی و ناتەبای نێوان ئێوە وای لێکردم سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم وەک چۆن مەڕ لە چنگی گورگ ڕادەکات و هەڵدێت، بەڵام نەمزانی ئەکەومە داوی تورکەوە کە زۆر لە ئێوەی نزیکم خراپترو پڕ ئازار ترە بۆ من، شاعیر ئەم بەراوردەی لە ئەنجامی بەجۆش هاتن و کوڵانی دەروونییەوە کردووە، ویستویەتی ئەو پەیامە بەگوێی خوێنەر و گوێگر بدات کە بەهۆی ناتەبایی و جیاوازی نزیکەکانمەوە من کەوتمە زیندان و زەلیلی دەستی نامەردانم، بەڵام ناتەبای و لوتبەرزی ناخۆشی و ئێوە چەن بە ئازار بێتت هێشتا ناگات بەو ئازارو ناخۆشییەی زیندانم کە لەلایەن تورکی عوسمانلییەوە دەیچێژم.

**ئەر ((جوامێر)) مەغروور، ئـــــــەر برا بێڕا**

**ئەر کاک ((عەبـــــدوڵڵا عەزیز)) نـــــــاتەبا**

**ئەر حاکم نەپرس، ئـــــــــەر قەوم نەشنەوا**

**ئەر ڕەعیـــــــــە، ڕەهزەن، نە قەحت و غەلا**

**....**

**یوونس وار جە قەوم وێم کـــــــــەرد فیرار**

**بیم بە قووت حوت تـــــــــــــورک دەریابار**

**فیراریم جە قەوم چوون بەڕڕە جـە گورگ**

**نەزانام جـــە گوورگ بەدتەر مــەبۆ تورک (فەقێ قادر، ٢٢١_٢٢٢).**

**((فەقێ)) تەفرەقەی فیرقەی یــارانەن**

**زەلیل زومـــرەی نـــــــــابەکارانەن  (فەقێ قادر، ٧٤٦).**

ژانی دووری و غەریبی یەکێکی ترە لە ئازار و ناخۆشیەکانی زیندان، زۆرێک لە شاعیرانی کورد توشی ئازارو ناخۆشیەکانی غەریبی و دورەوڵاتی دەربەدەری بوون و بەو هۆیەوە چەندین چامەی شیعیریان لە ئاوارەیی و غەریبیدا نوسیوە، نموونەی ئەو شاعیرانەش نەهاتنەوەی نالی بوو بۆ نیشتیمان و زێدی خۆی، کە دواتر چامەکانی بۆ سالمی شاعیر ناردۆتەوەو تێیدا باسی ناخۆشی و ئازارەکانی دووری و غەریبی دەکات، بەڵام دوری و غەریبی لە زیندان ئازارەکەی زۆر بە سوێترە چونکە، زیندانی بون لای دەسەڵاتێکی داگیرکەرو دوور لە نیشتیمانی خۆت ئارامی و خۆڕاگرییەکی زۆری پێویستە، فەقێ قادر لە زینداندا هاواری غەریبی و دوور لە دیداری خزم و کەس و کار و زێدی باب و باپیرانی دەکات و هەمیشە دڵی مات و مەلوولی بەیەک گەیشتنەوەی کەسوکارو خزمەکانێتی کە، خۆی سەرخێڵیانە و بەهۆی هۆزەکەیەوە ئازارو مەینەیتیەکی زۆری کێشاوە، ئەم بەرپرسیارێتییەش بۆتە هۆی ئەوەی شاعیر کۆتوزنجیری داگیرکەران بێت و لەو خۆشیی دیدارو بەیەکگەیشتنەوەیان بێبەش بێت.

**سەرخێڵ ئەقوام مەینەت کــــــێشانم**

**مەحرووم دیدار قەوم و خـــــوێشانم**

**...**

**سەراپای ئەعـــــــــزام زەلیل ڕەوقەن**

**دڵ مات و مەلوول، بەری نە شەوقەن**

**پا بەند زەنجیر، گـــــــەردەنم تەوقەن**

**فەرش مەزەڵلەم نــە تــەحت و فەوقەن (فەقێ قادر، ٧٤٣).**

ئازارو ناخۆشی و مەینەتی زیندا بۆ فەقێ قادر بارێکی گران بووە، بەڵام شاعیر زۆر خۆڕاگرانە چۆتە ژێر هەڵگرتنی ئەم بارە گرانەوە، شاعیر هەوڵیداوە هیچ نەبێ لەڕێگای دەربڕینی شیعرەوە کەمێک لە ئازارو ناخۆشییەکانی خۆی کەمکاتەوە، بە شیعرەکانی شاعیردا دەردەکەوێت ئازارەکانی شاعیر زیاتر دەروونی بوونە نەک جەستەی و کەوتنە ژێر باری لێدان و شەلاقی دوژمن و ئازاردانی جەستەی لە زیندان.

## ٤- شانازیکردن:

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە شاعیر لە زینداندا ئاوڕی جدی لێداوەتەوە و هەمیشە لە بیرو هەستی دا بووە  شانازیکردن بووە، شانازیکردن "بریتییە "لەوەی کە شاعیر لە شیعرەکەیدا یا شانازی بەخۆی یا بە تەوەکەی یا بە عەشیرەتەکەی، یا بە زمان و کلتورەکەی دەکات و بەسەر خەڵکانی

دیکەوە دەیسەپێنێت" (سەنگەر، ڕێزان، ٢٠١٧: ١٥٠). ژێردەستەی وزیندانی بوون لای دەسەڵاتێکی بێگانەو داگیرکەرو داپڵۆسێنەر شایەنی ئەوەیە بەرامبەری بوەستی و شانازی بە خۆت و نەتەوە و هۆزو ناوچە و زمانی خۆت بکەیت و پیشانی بدەی کە ئێمەش وەک نەتەوەی کورد مافی ئەوەمان هەیە شانازی بەسەرجەم ئەو بابەتانەوە بکەین کە خودا پێی بەخشیوین وەک هەر مرۆڤێکی ئاسای کە ئەتوانێ و مافی شانازیکرنی هەیە.

فەقێ قادر هەمیشە شانازی بە خۆی و نەتەوە و هۆزو ناوچەی خۆی کردووە، مەبەستێکی تری شاعیر ئەوە بووە کە مۆرکێکی تایبەت بەخۆی لە شیعرەکانی بدات تا لەوڕێگایەوە هەم شیعرەکانی پارێزراو بن هەم شوناسی خۆی و نەتەوەکەی بپارێزێ، "ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو ئاستی هۆشیارییەیەی فەقێ قادری هەمەوەندە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەڕەتی شوناسی خۆی و تۆمارکردنی لێدانی مۆری تایبەتی خۆی لە کۆتایی دەستنووسەکانی، کە بێگومان ئەمەش لە تێگەیشتنی تایبەتەوە لە کەسایەتی خۆی هاتووە و هەوڵێکیشە بۆ خۆ پاراستن و ڕێگرتن لەوەی کە شانازی بەرهەمی شاعیرێکی موسڵمانی کورد، بۆ کەسێکی بێگانەو سەر بەنەتەوەیەکی دی، نەنووسرێت" (ڕێبوار، ٢٠٢٠: ٢٧٨). سەرەڕای شانازیکردنی فەقێ قادر، لەهەمان کاتیشدا هەمیشە خۆی بەمرۆڤێکی خۆ بەکەم زان و خاکەڕای لەبەرامبەر خەڵک و خودا پیشان ئەدات، نەک وەک سەرکردەو سەرۆک هۆزێکی لە خۆبایی، ئەمەa لەچەندین شوێن بە ئاشکرا باسدەکات کە، شاعیر جگە بەندەیەکی لاواز و مرۆڤێکی ئاسایی هیچی تر نییە.

**ئەگەر مەپرسان ئیسم مـــوئەلیف**

**((عەبدولقادر))ەن زەلیل و زەعیف**

**ئەسڵم هەماوەند، زەلیل و خـوارم**

**مونتەزیر بە لـوتف حـەیی دادارم (فەقێ قادر ٤٥٢_٤٥٣).**

**ئەر ئیستیفسار کەن ساحیب تەئلیف**

**((عەبدولقادر))ەن زەلیل و زەعـــیف**

**نە دوود دەوران دڵ نـــە گەزەندەم**

**ئەسڵم هەماوەند، ئـــــــەسیر بەندم (فەقێ قادر ٥٢٣_٥٢٤).**

**ئەر کەسێ جە حاڵ ئەی بەندەی زەعیف**

**ئەربی بە سائیل، پێش بــــــدەر تەعریف**

**عەبدولقادرەن ئیسم و ئەوســــــــــافم**

**نە زەنجیرەی تورک قەید ئینســـــــــافم**

**ئەسڵم هەماوەند فیرقەی چـــــــــەلەبی**

**داروون جە ڕەسوول جوامێر نـــــەسەبی   (فەقێ قادر. ٥٨٩).**

شاعیر بە وشەو زمانی شیرینی کوردی و ناوهێنانی خۆی و هۆز و نەتەوەکەی باسی شانازی و خاکەڕای خۆی لەچەندین شوێندا کردووە و دووبارە کردۆتەوە.

فەقێ قادر جگە لەو بابەتانەی باسکران خاوەنی کۆمەڵێ بابەتی تریشە کە، شاعیر لە زینداندا باسیکردون، لەوانەش (ئاینی، سەربەستی و ئازادی، پەند و ئامۆژگاری، یادی ڕابووردوو، سروشت، دڵداری...) کە شاعیر لە ماوەی زیندانی بوونی بە شێوازێکی هونەری و پڕ وێنەی جوانی شیعری تۆماریکردون.

## ئەنجام:

١. سەرەڕای ئەوەی شاعیر دەسەڵاتی بەڕیوەبردنی ناوچەیی لەلایەن عوسمانییەکان پێدراوە، بەڵام ئەمە نەبووە بەهۆی ئەوەی کە شاعیر لە ئاستی داگیرکاری و زوڵم و زۆی عوسمانییەکان بێدەنگ بێت، بەڵکو شاعیر ڕووبەڕوی عوسمانیەکان بۆتەوە داوای مافی نەتەوەکەی کردووە.

٢. شاعیر هەمیشە تورکی عوسمانی وەک درندەو کوردیشی بە نێچیر و نەتەوەیەکی ستەملێکراو چوواندووە، شاعیر مەبەستی لەمە دەسەڵاتی تورک و عوسمانی بووە نەک ڕقوکینەی نەتەوایەتی بەرامبەر بە تورک.

٣. زیندانی کردنی شاعیر لە بیرو هەستی نەتەوایەتی داینەبڕیوە، بەڵکو زیاتر هانیداوە لەم بوارەدا بنوسێ، شاعیر لەڕێگای کاری نوسین و وەرگێرانی بابەتی ئاینییەوە گرنگی بەم بوارە داوە و هانی نەوەکانی دوای خۆی داوە کە زمانی شیرینی کوردی بکەن بە بنەڕەتی نوسینەکانیان.

٤. ئازارو ناخۆشیەکانی شاعیر لە زیندان لە ئەنجامی ناتەبای و دووربوونی لە خزم و کەسوکارو لە خۆبایبوونی هەندێک لە کەسانی هۆزەکەی بووە، نەک زیندانی کردنی لە لایەن عوسمانیەکانەوە.

٥. شاعیر هەمیشە شانازی بە خۆی و نەتەوە و هۆزو زمان و ناوچە و کلتوری کوردییەوە کردووە، خۆی بە کەسێکی خاکەڕایی و لاواز لەبەرامبەر خەڵک و خودا پیشانداوە.

٦. شاعیر لە سۆنگەی هەستکردن بەرپرسیارێتیەوە هەمیشە و بەردەوام کێشە و گیروگرفتەکانی ناو هۆزەکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووەو خۆی لەڕیزی یەکەمی ئەو بەرپرسیارێتییە پیشانداوە.

## References.


1- Jamil, Haji Mhamad Chamaki, (2020), awenai chamak hamawand, dazgai chapu pakhshi briar.

2- Khald, Mhmod Karim. (2012), dawllati othmani u ashirata kurdakan la kurdistani bashur 1914-1986, bllawkrawakani akadimiyai hoshyari u pegayandni kadiran, slemani

3- Dara, Ahmad Karim Bag, (2001), karim bagi fatah bagi hamawand, chapkhanai wazarati parwrda, hawler.

4- Dara, Ahmad Karim Bag, (2011), hozi hamawand la zhyani awaraida, chapkhanai shvan, slemani.

5- Rebwar Siwaily, (2020), nali la balagatawa bo moderna, barewbarayati gshti pertukkhana gshtiyakan,

6- Sdiq, Borakai, (2008), mejui wejai kurdi, bargi yakam, barewbarayati gshti ktebkhana gshtiyakan, hawler.

7- Sartip, Mhamad Amin, (2008), hamawand la sardami dawlati othmanida, chapkhanai Kurdistan, slemani.

8- Sangar, Nazim Husen, Rezan, salih mawlwd, (2017), janara adabiyakan, nawandi roshnbiri awera, hawler.

9- Karwan, Othman Khayat, (2021), diwani Faqe Qadri Hamawand, chapkhanai tafsir, hawler.

10- Karim, Agai Hamawand, (2010), hozi hamawand u bzutnawai rzgarixwazi kurd, barewbarayati gshti ktebkhana gshtiyakan.

11- Gio, Mukryani, (2019), gulchini gio, rudaw, hawler.

12- Latif, Fatif Faraj, (2015), mekhakbandi nwsin, chapkhanai karo, slemani.

13- Marf, Khaznadar, (2005), mejui adabi kurdi, chapkhanai wazarati parwarda, hawler.

14- Mhamad, Ahmad Saeed, (2008), chand lekollinawayaki adabi, chapkhanai roman, slemani.

15- Nwshirwan, Mustafa Amin, (2015), badam regawa gullchnin, ktebi yakam, bargi dwam, chapkhanai aldar al-Arabiya lil ilum- alnashroon- berut, lobnan.

16- Pakhshan, Sabir, (2015), tawara sarakiyakani shiery zindan, govari zankoi slemani, 47 (B).

17- Rebin, Khalil Qadir, (2016), shiery zindan la adabi kurdida (chwar shaiery kurd ba nmuna), govari zanko bo zansta mrovayatiyakan, 20 (5).

18- Salih, D. Othman Amin, (1970), shier sjun , wa asar fi asr alabasi, govari zankoi salahadin, 18.

19- Abdulwahid, Edris Sharif, (2021), barangari la shiery mlal alida, govari zankoi raparin, 8 (2).

20- Hemin, Omar Ahmad, (1) (2021), Faqe Qadri Hamawandi in Osmani Docoments, Journal of oriental scientific research(JOSR). 13 (2).

21- Hemin, Omar Ahmadm, (2) (2021), Faqe Qadri Hamawandi in Qajar Docoments, Journal NUBIHAR AKADEMI 4 (16).

22- Seyyes Esmaeil Hosseini Ajdad Niaki, Hadi Shabani Chafjiri, (2015), The common Themes of Prison Poetry in the Poems by Abu-Firas Al-Hamdani and Mas,od Sa,d Salman. Journal of Applied Environmental and Biological Sciences.5 (3).